# ئێمەی درۆزن

**محەمەد گەلاڵەیی_سۆران**

Mohammad_soran@yahoo.com

**لە کۆمەڵگا رۆژهەلاّتییەکاندا باوترین دیاردە کە تا ئێستا بنەبڕ نەکراوەو یاخود زۆر قسەو لێکۆڵینەوەی دەروونی، کۆمەڵناسیو مێژوویی..هتد لەسەر نەکراوە دیاردەی درۆیە یان درۆکردنو درۆزنەکان، هەڵبەتە کۆمەڵگای کوردیش بەدەست ئەو دیاردەیە دەناڵێنێت، بەڵگەشمان ئەو گەندەڵییەی هەیە هەمووی لەئەنجامی ئەو بەڵێنە کۆمەلاّیەتیانەی کە بەخەڵك درابوو لەلایەن دەستەلاّتداران هەمووی بە درۆ هاتەدییو ئەوانیش بوونە درۆزنێکی دەوڵەمەند لەو کوردستانە وێرانەدا، درۆ نەك لەناو کایەی دەستەلاّتداراندا باوی هەبێتو کە هی ئەوان لە هەموو خەڵك زەقتر بێ، بەڵکوئێمەمانانیش دوور نین لەو دەردە کۆمەلاّتییە نا سەردەمیە، ئەوەش ئەڵێم: لەگشت ژیانماندا هەر درۆ ئەکەین، کوڕ لەگەڵ باوکیو کچ لەگەڵ دایکی، دوکاندار لەگەڵ کڕیار، خوێندکار لەگەڵ مامۆستا..بە پێچەوانەشەوە کەهەندێ جار گەورەکان فێری درۆکردنمان دەکەن، یانیش کەلتووری درۆکردنی دوێنێ ماوەو ئێمەی نەوەی تازە لەسەری دەڕۆین، من کۆمەڵناس نیم یەك بەیەکە باس لە هۆیەکانی درۆکردن بکەمو ئەو ئەنجامانەی لێشی دەکەونەوە، بەلاّم ئەو کێشەو گرفتانەی بەسەر دەستەلاّت، خێزان، زانینگەکان، خوێندکاران، مامۆستایانو کرێکاران..هتد دێت هەر لە ئەنجامی دیاردەی درۆکردنەوەیەوە کەسەرهەڵدەدن، لەوانە نادادپەروەری کۆمەلاّیەتی کە لە کۆمەڵگای ئێمەی هەژاردا زۆر بەزەقی دیارە هەر درۆی دەستەلاّتە ئەمەی دەرهاویشتووەو لەبەری دەناڵێنین، ئەو شەڕانەی لەوولاّتی ئێمەدا روویداوە ساڵەهای ساڵە تەنیا وێرانەمان بۆ بەجێ ماوە، ئەمەش هەر درۆ بووە پێی فرۆشتینەوەو کە راستیمان لەبیر کردووە کە لەگەڵ یەکتری هاونیشتیمانین، بۆچی کۆمەڵگای کوردی پێش ناکەوێت؟ لەبەرئەوەی هەر تاکەی یەکتری خەتابار دەکات لەبەرپرسیاریەتی سەر شانی کە ئەو خەتابارکردنە ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی درۆ ئەکەینو کردوومانەتە بنەمایەك بۆ خۆ دەربازکردن لەگەلێك بەپرسیاریەتی، بۆ نموونە: خوێندکارێکی کورد کە لە ئایندەدا کۆمەڵگاومناڵی کورد فێری زانست دەکات، خۆی دەدزێتەوە لە پێشخستنی کۆمەڵگاداو بەتەواوی پەرە بە پسپۆراتیەکەی خۆیی نادات‌و بەقسەو باسێك کە گشتی درۆیەو خۆیی دەرباز دەکات لەو کارەی دەکەوێتە سەرشانی، ئەوەشمان بیر نەچێت تاكو کۆمەڵی کوردی لە کاتی چاوەڕوانیو دانانی(موعید) زۆر درۆ ئەکەینو لە کاتی خۆییدا ئامادە نابین لەو شوێنەی کە بەڵێنمان بە هاوڕێو دۆستەکانمان داوە، زۆر جار ئەمەش کێشە بۆ ئەو کەسە دروست ئەکات کە بەڵێنی پێدراوەو دوایشی کە دێت درۆیەکی نوێو گەشی بۆ ئەکات، درۆ کردن لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر کەس شانازی پێوەئەکات کە درۆزنە، دەگێڕنەوە جارایێکیان پیاوێك قسە ئەکات‌و لەوێدا کەسێك گوێی لەقسەکانی ئەو پیاوە دەبێت، یەکسەر بەقسە دێت‌و دەڵێت: ئەو قسانەی دەکات هەمووی درۆیە، ئەوانیش دەڵێن: چۆن دەزانی درۆ ئەکات؟ لە وەلاّمدا ئەلێ: ئەمە هەر درۆزن نییەو شێوەی پێناچێت‌و من خۆم درۆزنم. ئەگەر لە تیلەچاوی کۆمەڵناسیودەرونزانی تەماشای بکەین لە قسەکانی ئەم کەسەو ڕاڤەشیان بکەین، زۆرشتی لێ ئەهەڵجێنین، لەوانە درۆزن رووخساری تایبەتی خۆیی هەیە، درۆزن درۆزنی دەناسێتەوە، بەلاّم لەم وولاّتەدا نە شێوەی راستگۆت بەرچاو دەکەوێت‌و نە راستگۆ ناسیش هەیە بۆ ئەوەی لەم هەموو درۆزانەی وولاّت دەربازبین بەتایبەتی لە درۆزنە گەورەکان، لەلایەکی تریشەوە هەندێ کەس بەمە ڕاناوەستنو دەڵێن: من درۆزانم..!!، واتا لەبەرزترین پلەی درۆکردندا وانەکانیان بە کۆمەڵگا ئەڵینەوەو نەوەکانمان فێری باشترین کردەوەی مرۆڤانی دەکەن، هەر حکومەتێك، کۆمەڵگایەك، زانینگەیەك، بەرێوەبەرێك، کەسێك درۆ نەکات قەت تووشی کێشەو گیروگرفت نابێتەوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ، ئێمە هەر هەمومان نەخۆشین، بێ ئەوەی یەك شوێنمان لەجەستە ئازاری هەبێت، لەهەمان کاتیشدا وادەزانین هەموو جەستەمان نەخۆشییە، درۆکردن وای لە ئێمە کردووە بەبەردەوامی هەست بە نەخۆشی دەوروبەری خۆمان بکەین، هەتا لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ سروشت، خۆشەویستی، هاوڕێیەتیوهاوسەری ئەم سەردەمەدا، گەنجەکانمان مێشکیان پڕبووە لە درۆکردنی دەستەلاّتداران، باوکان، دایکانوکچان.. کە رۆژانە چەندان بەڵینیان پێدەدرێت لەلایەن ئەمانەوە هەر هەمووی بە درۆکردن بەرێیان دەکەن، ئەو کوڕوکچانەی خۆشەویستی ڕاستەقینە دەکەن دەناڵێنن، دەمرن، دەکوژرێن، خۆیان**

دەكوژن‌و دەسوتێنن لەبەر درۆكردن، بۆ نموونە: كچێك پاش پێنج ساڵ لە خۆشەویستی لەگەڵ كوڕێكی هاوپۆلیدا، ئینجا درۆی لەگەڵ دەكات‌و بێ ئەوەی حەسابێك بۆ ئەو كوڕە بكات شووی بەكەسێكی تر دەكات، ئەم كارەی كچە كردوویەتی كوڕەكە پێوەی دەناڵێنێت، درۆ بۆتە هۆی دروستكردنی باوەڕنەمان بەخۆشەویستی ڕاستەقینەو تووشبوون بە خەم‌و خەفەت تا هەتا هەتایە كە زۆرێك كەس لە كورو كچان دەبنە قوربانی، درۆ كردن لەناو كایەكانی ڕاگەیاندنیش هەر دوور نییە، زۆر جار ڕاگەیاندنە هەمەچەشنەكان درۆی وایانكردووە، زۆرێك لەخەڵكیان چەواشە كردووە هەر لە دەست نیشان نەكردنی خراپییەكانی دەسەڵات‌و ڕوونەكردنەوەیان بۆ خەڵك، ئەمەش وایكردووە كە ڕوو لە هەندێ شوێن دەكەی پێت ڕادەگەیێنن: ڕاگەیاندن هەمووی درۆیە..!!، چونكو هەر ڕاگەیاندنێك بەشان‌و باڵی دەسەڵاتێكی گەندەڵ كە درۆكردنی لەگەڵ جەماوەری كردۆتە بنەمایەك بۆ ئەوەی لەو بەرپرسیاریەتەی سەرشانی كە خزمەتكردنی هاوولاَتیانە دەربازبێت، لێرەدا ڕاگەیاندنیش دەبێتە بەشێك لەو درۆ گەورانەی كە فەزای كۆمەڵگایان داگیركردووە، هەتا هەندێ نووسین‌و ڕیپۆرتاژو هەواڵ بلاَودەبنەوە ئەوانیش درۆن‌و باوەڕ بە ڕاگەیاندن لەناو خەڵكیدا كەمكردۆتەوە كە لەدونیادا بە پێویستیەكی ڕۆژانە دادەنرێت، بەگشتی ئەوە ماوە بڵێم: كە لێكۆڵینەوە نەكردن لەسەر ئەم دیاردەیەو ڕێكخراوەكانی بەناو كۆمەڵی مەدەنی هەڵمەتی سڕینەوەی ئەو دیاردە بەرەونەمان نەبەن، ئەوا ئێمەی درۆزنمان لێ دەردەچێت، چونكو ڕۆژانە نییە لە هەر تاكێكی كۆمەڵگای كوردیدا كە چەند درۆیەك نەكات، بۆیە بەردەوامی درۆكردن دەبێتە هۆی ئەنجامی بە نێگەتیڤ تربوونی تاكی كورد، لەبەرئەوەی وەكو باسم كرد درۆ مرۆڤ تووشی گەلێك كێشەودەردەسەری دەكات، دانانی ئەنتی درۆكردن لەبەرانبەر درۆزنان‌و ئەوانەی ئەشیانەوێت درۆبكەن‌و كۆمەڵگا بەدوایاندا بكەوێت، كارێكی بەپەلەی دەوێت بۆ ئەوەی بەهەمووشێوەییەك لێی دەربازبین‌و ئەو ناوەمان بەتەواوی لەسەر نەچەسپێت كە بە "ئێمەی درۆزن" بەناوبانگ بین.

**كوردستانی باشوور**

**2007\2\12_دووشەممە**